KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 15-6-2007 17:51

## ڕونکردنەوەیەک لەسەر نوسینی لەیلا فەریقی و دیمانەکەی خەبات کە لە کوردستان نێت لە ژێر ناوی من بڵاوکراوەتەوە ... محەمەد شکاک

لەسەرەتا دا دەموێت ئەوە بڵێم کە ئەو نوسینەی کە لە کوردستان نێت بڵاوکرایەوە دوروو نزیک پەیوەندی بەمنەوەە نیە و من هەرگیز ڕێگە بە خۆم نادەم ئەو نوسینە چەواشەکاریانە لەسەر ساندرێلای هونەری کوردی لەیلا فەریقی و هێمن ئاری براو هاوکاری خۆم بنوسم بەڵام بە هەڵە هاتنی ئەو نوسینە بۆ کوردستان نێت دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەیەکی تەکنیکی کە لای خۆم سەری هەڵدا
چەند ڕۆژێك بەر لە ئێستا لە سایتە جوانەکەی chra music نوسینێکی پڕ چەواشەکاری بەوپەڕی زانیاری نادروستەوە لەلایەن (ڕەنوو کۆیی) ناوێك نوسرابوو بۆیە منیش کە ئەو بابەتەم بینی کاتم نەبوو بیخوێنمەوە بۆیە لای خۆم سەیڤ کرد بە ناوی
Laelaو دوای ئەوەی کە سەیڤم کردو کاتێکم بۆ ڕەخسا نوسینەکەم خوێندەوە و زۆر پێ ی نارەحەت بووم چونکە ئەو بەرێزەی ئەو نوسینەی نوسی بوو زۆر بە بێ وویژدانیەوە باس لە بەرهەمە تازەکەی لەیلا خانم دەکات
دواتر خۆشم نوسینێك نوسی لەسەر ئەو بەرهەمە تازەیەی لەیلا کە چۆن دەنگدانەوەی هەبوو لەهەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کە تەواو بووم لێ ی بەناوی laela سەیڤم کردەوە دواتر کەویستم بینێرم بۆ ئەو سایتی کوردستان نێت لەگەڵ فایلی نوسینە پڕ چەواشەکارییەکەی (ڕەنووکۆیی) لێم تێکچوو و هەمان نوسینی بۆ کوردستان نێت هاتبوو ئەوانیش بڵاویان کردبۆوە من لێرەوە گلەیم لە ستافی کوردستان نێت نیە چونکە هەڵەکە لەلایەن خۆمەوە بو و دوای لێبوردنیش لە خاتوو لەیلا فەریقی و هێمن ئاری برا دەکەم هیوادارم ئەو هەڵەیەك لێ قبوڵ بکەن و لە چەند ڕۆژی داهاتووشدا ئەو نوسینەی کە خۆم لەسەر لەیلا نوسی بووم بڵاوی دەکەمەوە

محەمەد شکاک
2007/6/15
هەولێر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.